# ڕۆڵی تەلارساز لە مامەڵە کردن لەگەڵ کەرەستە و شێوازی کەلەپوری لە تەلارسازی نوێ دا

**ئامادەکردنی:**

**ئەندازیاری تەلارساز**

**هەژار یوسف عوسمان**

**ژمارەی پێناس**

10271

**ساڵ**

2025

تەلارساز: هەژار یوسف

## ناوەڕۆك


- یەکەم: کورتەیەك لەسەر بابەتەکە.
- دووەم: ئەو ڕەهەندانەی دەبێت لەبەرچاو بگیرێت بۆ دەستنیشان کردنی بەهای کەرەستە و شێواز (ئیلیمێنت)ە کەلەپوریەکان.
- سێهەم: دروستکردنی هۆشیاری کەلەپوری و مێژوویی بۆ تەلارسازان.
- چوارەم: ڕۆڵی تەلارساز لە پرۆسەی گێڕانەوەی مێژوو لەڕێی کەرەستە (ماتریاڵ) و شێوازی (ئیلیمێنت) کەلەپورییەکان و کاریگەری لەسەر هاوڵاتی بە گشتی.
- پێنجەم: ئەو ڕێگایانەی کە گرنگە بۆ ئەو شوێنەی کەرەستە (ماتریاڵ) و شێوازە کەلەپورییەکانی دووبارە تێدا بەکاردێتەوە-:
- شەشەم: چەند نمونەیەك لەسەر کەرەستە (ماتریاڵ) و شێوازی (ئیلیمێنت) مێژوویی کە لە کوردستان بەکارهاتوە.
- حەوتەم: ڕاسپاردەکان
- هەشتەم: دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکە
- نۆهەم: سەرچاوەکان

# ڕۆڵی تەلارساز لە مامەڵە کردن لەگەڵ کەرەستە و شێوازی کەلەپوری لە تەلارسازی نوێ دا

تەلارساز: هەژار یوسف

## • یەکەم: کورتەیەك لەسەر بابەتەکە:

هەر وڵاتێکی خاوەن مێژوو و شارستانیەت کۆمەڵێك ناوچە و بینای وەك (پەرستگا و قەڵا و کۆشك و هەڵکۆڵراو و شوراکان) وە هەروەها پەیکەر و ماتریاڵ و کەرە ستە وئامێر و هتد... هەیە کە چیرۆکی سەردەمێکی دیاریکراوی مێژووی باوان و خاوەندارانی ئەو نەتەوە و ناوچەیە ئەگێڕێتەوە و وێنای سەرکەوتن و پێشکەوتن و هێز و چالاکی ئەو سەردەمەی نەتەوەکە دەکات

پرۆ سەی دووبارە دیزاین کردن و مامەڵە کردن لەگەڵ ماتریاڵ و کەرە ستەی ناو چە کۆن و کەلەپورییەکانی هەر شارێك پێوی ستی بە وردبونەوە و خوێندنەوەی مێژوو لێکۆڵینەوەی چڕی تەلار سازی هەیە بۆ هێ شتنەوەی مۆرك و ڕە سەنایەتی مانا و پارا ستنی مانا و بەهای مێژوویی و کلتوریەکان

لەم لێکۆلینەوەیە دا هەوڵ ئەدەم لە چەند لایەنێکی جیاوازەوە چۆنێتی هەڵسەنگاندن و ئەنجامدانی پرۆسەکە بخەمە ڕوو.

## • دووەم: ئەو ڕەهەندانەی دەبێت لەبەرچاو بگیرێت بۆ دەستنیشان کردنی بەهای کەرەستە (ماتریاڵ) و شێواز (ئلیمێنت) ە کلتوریەکان

### 1. ڕەهەندی مێژوویی:

ئەو کەرە ستە و شێوازانەی ڕەهەندی مێژوویان هەیە زیاتر بابەتی کات لەبەر چاو دەگیرێت و کۆنی شێواز و کەرە ستەکە لەبەر چاو دەگیرێت واتا لایەنی (کات) و ڕووداوە گرنگەکانی پەیوە ست بە کات بەتەواوی زاڵە بە سەر ئەم ڕەهەندەیا (هەڵکۆڵراو و خانوە کۆن و گۆڕ وهتد..) ئەم کەرە ستە و شێوازانە زیاتر لە ناو مۆزەخانە و دامەزراوە کەلەپوری و سەنتەری توێژینەوە و ئەو شوێنانەدا دەمێنێتەوە بۆ نمونە:



دەروازەی عشتار-عێراق (ئەڵمانیا)

## ڕۆڵی تەلارساز لە مامەڵە کردن لەگەڵ کەرەستە و شێوازی کەلەپوری لە تەلارسازی نوێ دا

تەلارساز: هەژار یوسف


زەقورە-عێراق


قەڵای سرۆچك-سلێمانی


هەڕەمەکان-میسڕ

## 2. ڕەهەندی کلتوری-:

ئەو کەرە ستە و شێوازانەی ڕەهەندی کلتوریان هەیە بریتین لەوانەی کە لەگەڵ شێوازی ژیان ی سەردەمێکی دیاریکراوی کۆمەڵگا سەریان هەڵداوە و بونیان هەیە و لە یادەوەری کۆمەڵگادا ئەمێنێتەوە و زۆرجار بەردەوام دەبێت و لەگەڵ کارتێکەرە تازەکاندا ململانێ دەکات و هەوڵ دەدات بمێنێتەوە و بەهای خۆی بپارێزێ هەندێ جار تەنها بەهۆی هەبونی نوسەر یان شاعیرێك لە خانویەکی ئاسایی دا دەیکاتە شوێنێکی کەلەپوری لە نمونەی ئەم ڕەهەندە (بازاڕەکان و کۆشکە تایبەتەکان و خانوی ئاسایی کەسایەتیە مێژوویەکان هتد...)

ئەم کەرەستە و شێوازانە دەتوانرێ نوێگەری تێدا بکرێ و بەردەوام بەکاربێت لە بینا نوێ تەلارسازیەکانیش دا بۆ نمونە:



بازاڕی قەڵای هەولێر- هەولێر




بازاڕی ئەسحابەسپی -سلێمانی

تەلارساز: هەژار یوسف

### 3. ڕەهەندی نەتەوەیی یان ئاینی-:

ئەو کەرە ستە و شێوازانەی ڕەهەندی نەتەوەییان هەیە بریتین لەوانەی کە خەڵکی ناو چەیەك یان چەند ناو چەیەکی دیاریکراو بەکاریدەهێنن و واتای نەتەوەیی دەدات بە شوێنەکە و دەبێتە هۆی درو ستکردنی نا سنامەی نەتەوەیی و یاخود نا سنامەی ئاینی بۆ دانیشتوانی شوێنەکە لە نمونەی ئەم ڕەهەندە (پەرستگاو قەڵا وهتد...)






قەڵای هەولێر-کوردستان



قەڵای خانزاد - سۆران






پەرستگای شەرەفەدین - چیای شەنگال

تەلارساز: هەژار یوسف

### 4. ڕەهەندی ئابوری و ڕامیاری:

ئەو کەرەستە و شێوازانەی ڕەهەندی ئابوری و ڕامیارییان هەیە هەیە بریتین لەوانەی کە لە ساتێکی دیاریکراوی مێژووی کۆن یان نوێ دا گۆڕانکاری بەر چاویان کردوە لە بازدان لە ئا ستێکەوە بۆ ئا ستێکی تری ژیان و بەرجە ستەی سەردەمێکی پڕ گۆڕانکاری دەکەن و لایەنی تاکەکەسی ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت لەم ڕەهەندەیا (مۆنۆمێنت و دەروازە و هتد...)



نەرامسین - چیای قەرەداغ سلێمانی



قەوسی پاریس

تەلارساز: هەژار یوسف



سەرای سلێمانی

## • سێهەم: دروستکردنی هۆشیاری کەلەپوری و مێژوویی بۆ تەلارساز:

تەلار سازی خاوەن هە ستی کەلتوری بەرز ئەتوانێت دیزاینی بۆ شاییە کەلەپورییەکان بە شێوەیەك بکا کە ڕەنگدانەوەی کەلتور و خوو ڕەو شت و نەریتی گ شتی کۆمەڵگا بێت و ڕێزی تەواوی کەلتور و بەهای هەمیـ شەیی شوێنەکە بگرێت و دیزاینەکان بکاتە بەرهەمی واتادار و پەیوەندیدار بە شوێن و کات و خەڵکەکەوە.

بۆ ئەوەی تەلارساز بە باشی توانای ئاوێتە کردنی شێواز و کەرەستەی ناوخۆیی بە شێوەیەکی هاوتەریب و گونجاو لەگەڵ دەوروبەرەکەی وداب و نەریتی ناو چەکە هەبێت پێوی ستە لە ڕێی پرۆ سەی خوێندن و ئەنجامدانی سیمینار و کۆڕبەندو بڵاوکراوەکانەوە هانی تەلارسازان بدرێت بۆ دروستکردنی هۆشیاری مێژووی چەند وێنەیەکی هاوشێوە:



هۆشیاری کەلەپوری

تەلارساز: هەژار یوسف

- **چوارەم: ڕۆڵی تەلارساز لە پرۆسەی گێڕانەوەی مێژوو لەڕێی کەرەستە (ماتریاڵ) و کەلەپورییەکان و کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا بە گشتی:**

ئەرکی تەلار ساز لەم ڕووەوە زۆر گرنگە ئەگەر بێت و بە قوڵی و بە وردی مامەڵە لەگەڵ کۆی لایەنەکانی دیزاینەکە بکات و کرۆکی بابەتەکە بە شێوەیەکی درو ست بەرجە ستە بکاتەوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی دیمەنەکە بەردەوام خۆی دوبارە بکاتەوە بۆ بەر چاوی نەوە لە دوای نەوە و جیلە یەك لەدوایەکەکانی نەتەوەکە و کۆدەنگی کۆمەڵایەتی درو ست ئەکا لە سەر بابەتەکە، کە دواجار دەبێتە هۆی دروستکردنی ئینتیما و شانازی کردن بە مێژووی پێشوو و سەرهەڵدانی هەستی بەرپرسیارێتی بەرامبەر پاراستن و پاك ڕاگرتن و بەنرخ و بە بەها زانینی خاك و وڵات و نیشتیمانەکەمان. بۆ نمونە

حسن فتحی -میسڕ





- **پێنجەم: ئەو ڕێگایانەی کە گرنگە بۆ ئەو شوێنەی کەرەستە (ماتریاڵ) و شێوازە کەلەپورییەکانی دووبارە تێدا بەکاربێتەوە-:**

بۆ ئەوەی ناسنامەی کەلەپوری شوێنێك بپارێزین پێویستە لە چەند لایەکەوە ئامادەسازی بکرێت بۆ ئەوەی مانا و بەهای تەواوی خۆی بگەیەنێت کە کۆی گ شتی بابەتەکە پەیوەندی بە ڕاکێ شانی سەرنج (بینین) و کۆکردنەوەی کۆمەڵگا هەیە لەو شوێنەدا. بۆ ئەوەی بتوانین سەرەنجی خەڵك بۆ شوێنێك ڕابکێشین پێویستمان بەم چەند ڕێگەیە هەیە

**<u>یەکەم :- ئاسانی گەیشتن بە شوێنەکە:</u>**

ڕێگەی گەیشتن بە شوێنە کەلەپورییەکان و لابردنی بەربەستەکانی بەردەم خەڵك بۆ شوێنەکە خاڵێکی گرنگی بابەتەکەیە بۆ نمونە ئەو شەقام وپیادەڕۆیانەی دەگەن بە ناوچەکە پێویستە بە جۆرێك دیزاین بکرێن بخرێنە خزمەتی پرۆسەی گەیاندنی خەڵك بە شوێنی کەلەپوری داواکراو

تەلارساز: هەژار یوسف

**دووەم:- دەرخستنی شوێنە کەلەپورییەکان**

**پێویستە بینا و دامەزراوەکانی دەوروبەری شوێنە کەلەپورییەکان لە ڕووی بەرز و قەباره و هاتنە پێش و کەرەستەی ڕووکاری بیناکەوە چونیەکی نزیکی (هارمۆنی ) هەبێت لەگەڵ ناوچەکە یاخود بە شێوەی (تدریجی) بینەر بگەیەنێتە خاڵی مەبەستی تەلارسازەکە.**

**سێیەم:- هاتوچۆ ی پیادەڕۆ**

**لە زۆرێك لە شوێنە کەلەپورییەکانی جیهان دا بە تایبەت سەنتەری کۆنی شارەکان تەواوی شوێنەکە دەکرێتە پیادەڕۆ (پید ستریەن) و ڕێگە بە هاتو چۆی ئوتومبیل نادرێت بۆ ئەوەی خەڵك بتوانێت بەرکەوتەی بینین و کۆبونەوە و مانەوەی لەنزیك شوێنەکە هەبێت و بەهای فەرهەنگی و کەلەپوری شێواو کەرەستەکان بگاتە خەڵك.**

**چوارەم :- وردەکاری دیزاین بۆ ڕاکێشانی سەرنج**

**بەکارهێنانی وردەکاری (تفا صیل) ی معماری کە لە ڕێیەوە بینەر ئامادە بکرێت بۆ گەیشتن بە خاڵی مەبە ست بۆ نمونە ڕێکخ ستنی ڕوناکی و کەرەستەی شۆستە، و دووبارە کردنەوەی هەندێ کەرەستە و شێوازی شوێنەکە بە شێوەی بچوکتر لە بیناکانی نزیکی شوێنەکە بۆ ئەوەی وا لە بینەر بکرێت ئاسمیلە کردن (اسیتعاب) ی شوێنەکە بکات و هەوڵ بدات بگات بەو شوێنە.**

- **شەشەم: چەند نمونەیەك لەسەر شێوازی و کەرەستەی مێژوویی کە لە کوردستان بەکارهاتوە.**

**بۆ ئەوەی بگەینە دەرئەنجامێکی باش پێوی ستە هەڵسەنگاندن بکرێت بۆ چەند شوێنێکی کەلەپوری کورد ستان بە شێوەی ئەرێنی یان نەرێنی کە دیزاینی تەلارسازی نوێی بۆ کراوە**

**نمونەی یەکەم:- مامەڵە کردن و دروســتکردنی بازاڕی کۆنی هەولێر لەگەڵ قەڵای هەولێر**

**بەهۆی درو ستکردنی پارکێکی کراوەی نزم و فراوان و سکرینێك توانراوە ئا ستی بینین و سەرنج ڕاکێ شانی هاوڵاتیان بۆ قەڵای هەولێر بکرێتە خاڵی سەرنج (فۆکاڵ پۆینت)**



دەوروبەری قەڵای هەولێر




چایخانەی مەچکۆ

**نمونەی دووەم : مامەڵەی دروســت لەگەڵ شوێنی ئوتێل فەرەح (بەر بەلەدیەکەی سلێمانی)**

**بەهۆی پارا ستنی  شوێنی کراوەی بەردەم ئوتێلەکە و مامەڵە کردنی درو ستی تەلار سازی لەگەڵ  شێواز و کەرە ستەی  شوێنەکە لەگەڵ هێشتنەوەی هەمان ئەرکی بەکارهێنانی شوێنەکە خاڵێکی تەواو ئەرێنی یە**



ئوتێل فەرەح



ئوتێل فەرەح

## نمونەی سێیەم :-مامەڵە کردنی تەلارسازی نادروست لەگەڵ دەوروبەری مزگەوتی گەورەی سلێمانی

هەرچەندە ناو مزگەوتی گەورەی سلێمانی مامەڵەیەکی دروستی تەلارسازی لەگەڵ کراوە و جێی دەستخۆشیە، بەڵام دروستکردنی بازاڕی کاسۆ مۆڵ لە بەرامبەر مزگەوتی گەورەی سلێمانی کە پێشتر بینایەکی بچوک (بەڕێوبەرایەتی ڕەگەزنامە) بوو، بەو قەبارە گەورەیە و بەکارهێنانی تەواوی ڕووبەرەکە بۆ بینایەکی مۆدێرن ی لەو شێوەیە لە ئێستا شدا بە شێوەیەك کە لە ئێستادا بە شەکانی سەرەوەی بیناکە بە هیچ جۆرێك بەکارنایەت واتا ئەو ڕووبەرەی بەکارهاتووە بۆ بازرگانی بە ٪25 ی هەمان ڕووبەر ئەتوانرا هەردوو ئامانجەکە بپێکرێت وە نەدەبوە ئامڕازێکی نەرێنی لە ڕووی ڕێگری کردن لە کۆبونەوەی خەڵك و شاردنەوەی سیمای مزگەوتەکە و شاردنەوەی نیشاندەر(لاندمارك) ی منارەی مزگەوتەکە




مزگەوتی گەورەی سلێمانی



مزگەوتی گەورەی سلێمانی

تەلارساز: هەژار یوسف



مزگەوتی گەورەی سلێمانی

**<u>نمونەی چوارەم:- مامەڵەکردنی تەلارسازی نادروست لەگەڵ دووبارە دیزاین کردنەوەی دەروازەی مەولەوی</u>**

**بەهۆی گۆڕینی کەرە ستەی بەکارهاتوو بۆ ڕوپۆ شی دەروازەکە و گۆڕینی بە بەردی هەورامان بە تەواوی بوەتە هۆی گۆڕینی نا سنامەی دەروازەکە و بەهای کلتوری دەروازەکەی گۆڕیوە لێرەدا با سی جوانی و نا شرینی ئێستای دەروازەکە نیە بەڵکو بابەتەکە نەمانی یادگاری دەروازە کۆنەکەیە سەرەڕای شاردنەوەی تەنیشتی دەرواەکە بە پلێتێکی گەورەی ڕیکلام و بچوککردنەوەی قەبارە (سکەیل)ی دەروازەکە**



دەروازەی مەولەوی



دەروازەی مەولەوی (ئێستا)

- **حەوتەم: ڕاسپاردەکان:**

1. دروستکردنی ناسنامەی تەلارسازی کەلەپوری و کردنی بڕیارەکان بە بڵاوکراوە و و کتێب و جێگیر کردنیان.
2. پێوی ستە تێکەڵی سیستمی خوێندن بکرێت بە سەرکردنەوە و سەردان کردنی شوێن و بیناکان بکرێتە بە شێك لە وانەی پەروەردەیی.
3. دیاردەی خۆ بە کەم زانین لەڕێی پەروەردەی تەلارسازییەوە بگۆڕین بۆ شانازی
4. هەندێ ناو چە کە دیاریدەکرێت وەك ناو چەی کەلەپوری پێوی ستە بۆ چارە سەری ئا ستەنگەکان ڕێکخ ستنی پێ شبڕکێ یان لە ڕێیداوای تایبەت لە تەلارسازان ەوە لێکۆڵینەوە بکرێت و بابەتەکە دەوڵەمەند بکرێت لە چەند لایەنێکی جیاوازەوە
5. بەهیچ جۆرێك نەهێلرێت دەستوەردان لە بڕیارەکانی تایبەت بە شوێن و ناوچە کەلەپورییەکان بکرێت و بەرژەوەندی هوڵاتیان و دروستکردن و پاراستنی شوناس بخرێتە پێش بەرژەوەندی بازرگانی و تایبەتە کەسیەکانی ترەوە.
6. دوربکەوینەوە لە لاسایی کردنەوە و تجرید بۆ نمونە (مۆنۆمێنتی هەولێر) (مۆنۆمێنتی شەهیدان لە پیرمام)

تەلارساز: هەژار یوسف

## • هەشتەم: دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکە

بەپێی ووردبونەوە لە بابەتەکە پێویستە ئەوە بوترێ کە کاری مامەڵە کردن لەگەڵ بینا و شێواز و کەرەستە کەلەپورییەکان بابەتێکی ئالۆزە و جگە لە کاری شارەزایانی مێژوو و توێژەری کۆمەڵایەتی و پەروەردەکاران و چالاکانی بواری مەدەنی کۆمەڵایەتی و ئەندازیاری و تەلارسازی یە

لەڕوی ڕامیاریەوە پێویستی بە بڕیاری پێویست و گونجاوی دامەزراوە حکومیەکان هەیە لەگەڵ کاری بە کۆمەڵی لایەنە پەیوەندیدارەکان و ڕێکخستنەوەی بڕیارەکان لە بە شی ما ستەرپلان و شار سازییەوە تا ئەگاتە بە شی ئەندازەی کەلەپوری و چۆنێتی مامەڵە کردنەکە پێشتر دیاری بکرێت و بچەسپێنرێت بەسەر ناوچەکەدا

## • نۆهەم: سەرچاوەکان


- کتێبی فیلدەن بەرنارد م. (پارێزگاری لە بینا مێژوویەکان) چاپی 2003
- توێژینەوەی میراتی کلتوری هاریسۆن ڕۆدنی (Critical Approaches) ڕۆتلەج 2013
- حەسەن پور امیر (نەتەوایەتی و زمان لە کوردستان 1918-1985) ئیودن پرێس 1992
- راپۆرت وتوێژینەوەکانی UNESCO لە سەر پارێزگاری کردن لە میراتە کلتورییەکان، لە رۆژهەڵاتی ناوەراست